## دەوڵەتە کۆڵۆنیالیزمەکانی ئارەب و تورک و فارس.... زاگرۆس زەردەشتی

بە دەسپێکی جەژنی نەورۆز و یادکردنەوەی ئەم جەژنە نەتەوەییە، بە هەڵگرتنی دروشمی برایەتی و یەکسانی لەپێناوی ئاشتی و ئازادیدا، لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ئاوروپادا، ئەو راستیانە بۆ دۆست و دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆی گەلی کوردستان رونبۆوە، کە نەتەوەی کورد هەمیشە هەوڵی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و برایەتی داوە. بەڵام ئەمجارەش وەڵامی ئەو داخوازیانەی گەلی کورد، لەلایەن دوژنانی ئازادی و ئاشتییەوە بە چەکی کیمیایی و هێرشی سەربازی و پەلاماردانی خەلکانی سڤیل و بنکە دیموکراتیەکان درایەوە.
نەوەکانی گورگە بۆر و هۆلاکۆ بەبەرچاوی ئەم جیهانە پڕ شەرم و دووڕووەوە، چەکی کیمیاییان بەرامبەر گەریلاکانی "هێزی پاراستنی گەل" بەکارهێنا، ئەوە لەکاتێکدا کە یەکێتی ئاوروپا، دەوڵەتی ئامریکا و هاوکارەکانیان، رۆژانە باس لە دیموکراتی و مافی مرۆڤ و یەکسانی دەکەن. بەڵام ئەو پۆلەتیکەی کە ئامریکا، ئاوروپا و هاوپەیمانەکانیان پیادەی دەکەن، بە گەلەکەمان شتێکی نوێ و نامۆنییە، هەر ئەم دەوڵەتانە، کە ئێستا هەمان بالۆرەی دیمۆکراتی لێدەدەن، هەر ئەمان بوون کاتی خۆی بێدەنگیان لە سەددامی کورد کوژو دەزگا داپلۆسەکانی دەوڵەتی ئێراقی کۆلۆنیال کردبوو. هەر کۆمپانیا و بازرگانە چەکفرۆشەکانی ئەم دەوڵەتانە بوون، کە دەوڵەتی ئێراق و رژێمی سەددامیان، بە چەکی کیمیایی و چەکی کۆکوژی مسۆگەر کردبوو، لە نێوەندە نێو نەتەوەییەکانیشدا، وەک کۆنسەی ئاوروپی و یەکێتی نەتەوەکان و سۆسیال ئەنتەرناسونال و دەیان دامو بنکەی تر بێدەنگیان لە کۆکوژی و سوتماکردنی کوردستان راگوێزانی زۆرەملی و زیندەبەچالکردنی 182 هەزار هاولاتی کورد کردبوو. دەوڵەتی ئێراقی کۆلۆنیال، هەروەک دەوڵەتی تورکیای گورگە بۆر و کۆلۆنیالیزم بەبەر چاوی هەموو جیهانەوە بەچەکی کیمییایی کەوتە کیمییایی بارانکردنی کوردستان و هەڵەبجەیان بە بەر چاو و ئاگاداری ئەم دەوڵەتە دیموکراتانەوە شەلاڵی گازی کیمییایی کرد. کێشەکە لەوەدانییە کە چەند کەس بەو چەک و گازانە گیانیان لەدەست دەدەن، یان لەدەستیان داوە، کێشەکە کێشەی ژمارە نییە، بەلکو مەترسی لە بەکارهێنانی گاز و چەکە کیمیایەکەدایە. ئەوە بۆ جاری یەکەم نییە کە دەوڵەتی تورک چەکی کیمییایی بەرامبەر بە گەریلاکان بەکار بهێنێت، بەڵکو ئەمە چەندەم جارە، ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمە ئەو چەکە بەکار بهێنێت، هۆی بەکار هێنانی دەگەرێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک کە گرنگترینیان بێدەنگی وڵاتانی یەکێتی ئاوروپا و ئامریکای و دامودەزگا نێونەتەوەییەکانە.. ئەگەر ئەو وڵاتانە بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو چەکەدا نەبن، بە دڵنیاییەوە، بێدەنگیان هاندەرێکە بۆ ئەوەی کە تورکیا بە بوێرانە بتوانێت ئەو چەکە بەکار بهێنێت. تورکیا وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیال هەرگیزاو هەرگیز جودایی لە نێوانی خەلکانی سڤیل و گەریلادا ناکات، بەلکو ئەم دەوڵەتە کۆلۆنیالە دژی هەموو بونێکی کوردە، ساڵی 1988 کاتێک رژێمی دەوڵەتی کۆلۆنیالی ئێراق چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراویان بەرامبەر بە گەلی کورد لە ناوچەی بادینان بەکارهانی، هانابردنی ئەو رەوەگەلەی کە روویان کردە سنوورە دەسکردەکی تورکیا هانایان بۆ ئەو دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورکیا برد، لەبری یارمەتی مرۆیی ئەو کەسانەو تیمارکردنی نەخۆش و بریندارەکان، دەوڵەتی تورک ژەهری کردبووە ناو خواردنی ئەو کوردە پەنابەرانەوە. ئەم

کارەش بریتییە لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی و کۆمەڵکوژی. ئەو دەمەش چەند مرۆڤدۆست و پەرلەمانتارێک لە ئاوروپا ئەو کارەیان سەرکۆنە و دژ بە مرۆڤ ناوزەدکرد.

دەمەوێت ئەوە لە وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتی ئاوروپا بپرسم کەی واز لەو پۆلەتیکە دووری و شەرمە دەهێنن و بەرامبەر بەو کۆکوژی و داگیرکردن و نوکولێکردنەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی تورک، هەڵوێسی مرۆڤانەی خۆیان روون و ئاشکرا دەکەن... ؟

ئەوەی گومانی تێدانییە دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان لە رێگای گفتوگۆوە کوردستان جێناهێڵن و گەلی کوردیش دەبێت هەڵوێستی خۆی دیاریکات، کورد هەمیشە باسی برایەتی کردووە، بەڵام دەبێت کورد ئەوە باش بزانێت کە ئاشتی لەگەڵ دوژن دەکرێت نەک لەگەڵ برادا، ئەو ئاشتیەش بەبێ خەباتی نەتەوەیی و یەکێتی ریزەکانی گەل گەنگازە (مەحاڵە) و کورد دەبێت بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیال لەکوردستاندا بخاتە مەترسی و ئاستی سفرەوە. ئەو دەوڵەتە داگرکارەنە کە کوردستانیان بە هێزی سەربازی و ئابووری داگیرکردووە، پێویسە لە کوردستاندا مایەپووچ بکرێن و بە هێزو ئرادەی گەل بە هەموو جۆرەکانی خەبات تێیان بسرەوێنرێت، بۆ ئەوەی ئەو سامانەی کە لە کوردستان دەستیان دەکەوێت و دەیدزن، کە هەربۆ ئەوەش دەوڵەتی کۆلۆنیال کوردستانی داگیرکردووە، بەسەر دەوڵەتی کۆلۆنیالەوە بکرێتە مایەی بێئارامی و زیان و تێسرەواندن، ئێستا خەباتی گەلەکەمان لە باکوری کوردستان بەتەواوی تاوی سەندووە و بە ژن و گەنج و لاو پیر و منداڵەوە لە پرۆسێسی بەزاندن و توڕدانی دەوڵەتی کۆلۆنیالدان. بە دڵخۆشییەوە ژنانی کورد لەم پرۆسێسە دیموکراتی و ئازادیەدا رۆڵی سەرەکی دەبینن و ئەم دیاردەیەش نیشانەی خەباتی پێشکەوتوانەی نەتەوەکەمان و نیشانەی بانگی ئازادی و سەرفرازی گەلەکەمانە. دەوڵەتی تورک وەک هەموو دەوڵەتێکی ئاگروئاسن و کۆلۆنیال، ناتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان بە چەکی کیمیای و گازی ژەهراوی و چەکی کۆکوژی و جەندرمەی گورگەبۆر و هێلیکۆپتەر و فرۆکەی جەنگی تێکبشکێنێت. دەوڵەتی کۆلۆنیالی تورک بە هاوکاری دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانی ئێران و سوریا دەخوازن نەتەوەی کورد چاوترسێن بکەن، بەڵام کوڕانی ئامەد و قامیشلۆ، سنە و سابلاخ، کرماشان، هەولێر و سلەیمانی دەمێکە فێری بەزاندن و راماڵکردنی سوپای داگیکاران بوون. هێزە کۆلۆنیالەکانیش ئەوە باش دەزانن ئیدی جێگای ئەوان و بەژەوەندیەکانیان لە کوردستاندا نەماوە. هەربۆیەش بەگازی کیمیای و کۆکوژی وەڵامی داخوازیە مرۆیی و دیمۆکراتیەکانی نەتەوەی کورد دەدەنەوە.

تەنیا رێگای سەرفرازی و ئازادی بۆ نەتەوە و خاکی بەکۆلۆنیکراوی کورد، فرێدانە دەرەوەی هێزی داگیرکار و سەربەخۆیی ئابوری کوردستانە.

زاگرۆس زەردەشتی
30. 06. 06
ستۆکهۆڵم.